# جوطرافیای شێوەزاری باجەلآنی

# ناسراو بە شێوەزاری شەبەك

# جغرافية لهجة باجلان


نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو

نريمان عبدالله خوشناو



**ملخص البحث**

شبه اللهجة الباجلان معروف بالشبه اللهجة الشبك  الشبكيون بالاصل هم من قومية الكوردية، و شبه اللهجة باجلانی ينتمي الى اللهجة (كوران) وهي احد اللهجة الرئيسية في اللغة الكوردية.

هذه الدراسة  لهجوية و التاريخية حول اللهجة الباجلاني و كورد الشبك . الدراسة يتكون من المقدمة و فصلين، ففي الفصل الاول نتحدث عن شبه اللهجة الباجلاني ، و يتكون من محورين، في محور الاول نتكلم عن جغرافية شبه اللهجة الباجلاني في مكانته في توزيع اللهجات الكوردية، وفي محور الثاني نتكلم عن اللهجة (كوران)  و شبه اللهجة الباجلاني. و الفصل الثاني نتكلم عن الكورد الشبك ، والتي يتكون من ثلاث محاور، ففي محور الاول نتحدث عن اصل مصطلح الشبك ، و محور الثاني نتكلم عن مكان الاقامة الشبك و محور الثالث و الاخير نعرض الاماكن المقدسة لدى الكورد الشبك. وفي نهاية البحث عرضنا النتائج البحث .


**دەستپێك**

شەبەکییەکان لە بنەڕەتدا کوردن و بە شێوەزاری باجەلآنی سەر بە دیالێکتی (طۆران)ن، کە یەکێکە لە دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی. شەبەکییەکان لە ئانتایییەکدا دەژین سنوورەکەی لە رۆژهەلآتەوە لە رووباری (غازر)ەوە بۆ قەزای (تەلکیف)ە، کە لە رۆژئاوایەتی، لە ذوورووی قەزای شێخانەوە بۆ شاری (مووسلأ) ئەمە خواروویەتی، لە کۆندا بەشێك بووە لە دەظەری بادینان، بەلآم لە ئاش شۆرشی (   1958/7/14) رژێمە شۆظێنییە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق ئەم ناوضەیەیان تەعریب کردووە و لە بادینانیان دابیریووە و خراوەتە سەر شاری مووسلأ، واتە ئەو ناوضانە دەطرێتەوە کە بە ناوضە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ناسراونن.

ئەم لێکۆلینەوەیە لێکۆلینەوەیەکی مێذوویی و دیالێکتۆلۆجییە لەبارەی شێوەزاری باجەلآنی و کوردی شەبەك، لێکۆلینەوەکە ئاێرەوی رێبازی وەسفی شیکاری کردووە. لێکۆلینەوەکە لە دەستپێك و دوو بەش ثێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی شێوەزاری باجەلآنی کراوە، کە تێیدا دوو تەوەرەی طرتۆتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی   جوطرافیای شێوەزاری باجەلآنی لە نێو دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کراوە، لە تەوەرەی دووەمدا باسی نەخشەی جوطرافیای دیالێکتی طۆران و شێوەزاری باجەلآنی کراوە.  لە بەشی دووەمدا باسی کوردی شەبەك کراوە، کە تێیدا سێ تەوەرەی طرتۆتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی زاراوەی شەبەك کراوە و لە تەوەرەی دووەمدا باسی زێد و شوێنی نیشتەجێبوونی شەبەك کراوە و لە تەوەرەی سێیەمدا باسی طومەز و ئارامطا ثیرۆزەکانی شەبەك کراون . لە کۆتایشدا ئەنجام و سەرضاوەکان خراونەتەروو .

## بەشی یەکەم

## شێوەزاری باجەلآنی

### 1-1: جوطرافیای شێوەزاری باجەلآنی  لە نیَو دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لای شارەزا و تسثۆرانی کورد و غەیرە کورد لە کۆنەوە تاکو بە ئەمرۆ دەطات، بە ضەندین شێواز و جۆری جیاجیاوە دابەش کراوە، بۆیە لێرەدا هەندیَ لەو  دابەشکردنانە دەخەینەروو، تا بەهۆیەوە ئەوە زیاتر روونبکەینەوە  و بزانین تا ضەند شارەزایان شێوەزاری باجەلآنییان لە نیَو دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی خستۆتەروو :

1- شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی (شەرفنامة) [i]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەبیَ ئەوەی ئامادە بە شێوەزاری باجەلآنی بکات، ئەطەرضی دیالێکتی طۆرانی وەك دیالێکتێك خستۆتەروو :

**1- کرمانج**

**2- لور**

**3- کەلهور**

**4- طۆران**

2- محەمەد مەردۆخی لە کتێبی (مێذووی کورد و کوردستان) [ii]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەبیَ ئەوەی ئامادە بە شێوەزاری باجەلآنی بکات، ئەطەرضی دیالێکتی طۆرانی وەك دیالێکتێك خستۆتەروو :

**1- کرمانج**

**2- طۆران**

**3- لور**

**4- کەلهور**

3- محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبی (خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان) [iii]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەبیَ ئەوەی ئامادە بە شێوەزاری باجەلآنی بکات :

**1- کرمانجی رۆذهەلآت**

**2- کرمانجی رۆذئاوا**

**3- کرمانجی باشووری رۆذئاوا**

4- شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنطی (خاڵ)[iv]دا، دیالێکتەکانی زمانی دەستنیشانکردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شێوەزاری باجەڵانی بکات، تەنانەت دیالێکتی طۆرانی وەك شێوەزارێك لە کرمانجی ناوەراستدا خستۆتەروو .

**1- زازا**

**2- کرمانجی دەستە ضەث(شمالیی): (بۆتانی، بادینی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).**

**3- کرمانجی دەستەراست:(سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەلانی،کەلهوری، طۆران).**

**4- لوری (بەختیاری، لەکیی، فەیلی).**

5- تۆفیق وەهبی، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بە شێوەیەك ئاماژەی بە شێوەزاری باجەڵانی وەکو شێوەزارێك لەنێو دیالێکتی طۆران کردووە .[v]:

**1- کرمانجی**

**أ- کرمانجی ذووروو:(بۆتانی، ئاشیتایی، هەکاری، بادینانی، بایەزیدی).**

**ب - کرمانجی خواروو:(موکری، مەهابادی، سۆرانی، سولەیمانی، سنەیی).**

**2- لووری:(بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەلهوری، مامەسەنی).**

**3- طۆران: (باجەڵانی، کاکەیی، زەنطەنە، هەورامی).**

**4- زازا.**

6- فوئاد حەمە خورشید لە کتێبی (زمانی کوردی - دابەشبوونی جوطرافیای دیالێکتەکانی) [vi] دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بە شێوەیەك ئاماژەی بە شێوەزاری باجەڵانی وەکو شێوەزارێك لەنێو دیالێکتی طۆران کردووە .

**1- کرمانجی باکوور:(بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی رۆذئاوا).**

**2- کرمانجی ناوەراست:(موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، طەرمیانی).**

**3- کرمانجی باشوور:(لوری رەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهطلۆ، لەك، کەلهور).**

**4- طۆران: (طۆرانی رەسەن، هەورامانی، باجەڵانی، زازا).**

7- زوبێر بیلال لە کتێبی (مێذووی زمانی کوردی)[vii]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شێوەزاری باجەڵانی و دیالێکتی طۆران بکات :

**1- کۆمەڵی ذووروو (کرمانجی)**

**2- كۆمەڵی خواروو (سۆرانی)**

8- جەمال نەبەز لە كتێبی (زمانی یەكطرتووی كوردی) [viii]دا، دیالێكتەكانی زمانی كوردی دەستنیشانكردووە، بەبێ ئەوەی ئاماذە بە شێوەزاری باجەڵانی بكات، ئەطەرضی دیالێكتی طۆرانی وەك دیالێكتێك خستۆتەروو :

**أ - دوو شێوە بنضینەییەكە:**

**1- كرمانجی ذووروو:(بۆتانی، جزیرەیی، هەكاری، بادینانی، ئاشیتەیی، بایەزیدی).**

**2- كرمانجی نێوەراست:(سلێمانی، سنەیی، ئەردەلانی، طەرمیانی، هەولێر، كەركووكی، سۆرانی، موكری، شارباذێری، ثشدەری).**

**ب - دوو شێوە لاتەنیشتەكە:**

**1- كرمانجی خواروو: (ذێروو): (فەیلی، كرماشانی، لەكی، كەلهوری، خانەقینی، لوری).**

**2- كۆمەڵە شێوەی طۆرانی - زازایی (طۆران، زازایی، هەورامانی).**

9- عیزەدین مستەفا رەسوولأ لە كتێبەكانی (سەرنجآ لە زمانی ئەدەبیی یەكطرتووی كوردی) [ix] و (بۆ زمان)دا [x]، دیالێكتەكانی زمانی كوردی دەستنیشانكردووە، بەبێ ئەوەی ئاماذە بە شێوەزاری باجەڵانی بكات، ئەطەرضی دیالێكتی طۆرانی وەك دیالێكتێك خستۆتەروو :

**1- لوور.**

**2- كرمانجی ذوور: (بۆتانی، هەكاری، بادینانی، بایەزیدی، ئاشیتایی).**

**3- طۆران: (هەورامی).**

**4- كرمانجی خواروو:(سۆرانی، سلێمانی، موكری، طەرمیانی).**

10- تاهیر سادق لە كتێبی (رێنووس - ضۆنیەتی نووسینی كوردی)[xi]، دیالێكتەكانی زمانی كوردی دەستنیشانكردووە، بەبێ ئەوەی ئاماذە بە شێوەزاری باجەڵانی بكات، تەنانەت دیالێكتی طۆرانی وەك شێوەزارێك لەنێو شێوەزارەكانی دیالێتی كرمانجی خواروو خستۆتەروو :

**1- زازا**

**2- لوری (بەختیاری، لەكیی، فەیلی، رۆذبەیانی).**

**3- كرمانجی:**

**أ- كرمانجى سەروو:(بۆتانى، بادينانى، هەكارى، بايەزيدى، شەمدينانى).**

**ب - كرمانجى خواروو: (سۆرانى، موكريانى، ئەردەلانى، كەلهورى، طۆرانى).**

11- كەمال فوئاد لە وتارى (زاراوەكانى زمانى كوردى و زمانى ئەدەبى و نووسينيان) [xii]دا، دياليَكتەكانى زمانى كوردى دەستنيشانكردووە، بەبێ ئەوەى ئاماذە بە شيَوەزارى باجەلآنى بكات، ئەطەرضى دياليَكتى طۆرانى وەك دياليَكتيَك خستۆتەروو :

**1- كرمانجى سەروو**

**2- كرمانجى خواروو**

**3- كوردى باشوور**

**4- طۆران و زازا**

12- محەمەد ئەمين هەورامانى لە كتيَبى (زارى زمانى كوردى لە تەرازووى بەراوردا) [xiii]، دياليَكتەكانى زمانى كوردى دەستنيشانكردووە، بە شيَوەيەك ئاماذەى بە شيَوەزارى باجەلآنى وەكو شيَوەزاريَك لە كرمانجى خواروودا خستۆتەروو، لەطەلَ ئەوەشدا طۆرانيشى وەك شيَوەزاريَك نەك زاريَك لە كرمانجى خواروودا خستۆتەروو:

**1- شيَوەى كرمانجى سەروو يا ذووروو (بۆتانى، هەكارى، دياربەكرى، بادينانى، ماردين،... هتد).**

**2- شيَوەى كرمانجى ناوەراست:(سۆرانى، موكريانى، سليَمانى، كەركووكى).**

**3- شيَوەى كرمانجى خواروو:(هەورامان، لورى، باجەلآنى، زازاى).**

13- سادق بەهائەدين ئاميَدى لە كتيَبى ( ريزمانا كوردى كرمانجيا ذۆرى و ذيَرى يا هەظبەركرى)دا [xiv]،دياليَكتەكانى زمانى كوردى دەستنيشانكردووە، بە شيَوەيەك ئاماذەى بە شيَوەزارى باجەلآنى وەكو دياليَكتيَك و دياليَكتى طۆرانيشى وەك دياليَكتيَك كردووە، بەو واتايەى زازا و باجەلآنى و طۆران وەك ناونيشانى دياليَكتيَك خستۆتەروو:

**1- زارى كرمانجى (كرمانجى ذوروو، ناوەراست و رۆذئاوا)**

**2- زارى سۆرانى ( كرمانجى خواروو و رۆذهەلآت)**

**3- زارى لوورى و كەلهورى**

**4- زارى زازا، شەبەك و هەورامى**

14- کامیل حەسەن بەسیر لە کتێبی ( زمانی نەتەوایەتی کوردی)دا [xv]،دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەپێ ئەوەی ئاماژە بە شێوەزاری باجەلانی و دیالێکتی طۆران بکات:

**1- زارەکانی کوردی ژووروو ( هەرکی، شکاکی، بایەزیدی، هەکاری، جزیری، عەفرینی، دومبلی، بادینی)**

**2- زارەکانی کوردی ناوەند ( موکریانی، سۆرانی، سلێمانی، شوانی، جافی، سنەیی، طەرووسی)**

**3- زارەکانی کوردی خواروو ( کرماشانی، کەلهوری، کولیایی ثیرەوەندی، لەکی، لووری)**

وەکو دەردەکەوێت ئەم دابەشکردنانە زۆربەیان لەسەر بنەمایەکی زانستیی دانەنراون، هەروەها لێکۆلەران زیاتر لە ناوێکیان بۆ دیالێکتەکان بەکارهێناوە و بە تەواوەتی سنووری جوطرافیی دیالێکتەکانیان دیاری نەکردووە، بەلاَم لەطەلَ ئەوەشدا دابەشکرنەکانی تۆفیق وەهبی و فوئاد حەمە خورشید لە رووی زانستییەوە نزیکن و دەکرێت ثشتیان ثێببەسترێت، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ئەوەی ثەیوەست بێت بە شێوەزاری باجەلانی، ئەوە دەکرێ لەم خالاَ نەدا روونیان بکەینەوە:

1- هەندێ لە لێکۆلەران بە هیض جۆرێك ئاماژەیان بە شێوەزاری باجەلانی نەکردووە .

2- هەندێ لە لێکۆلەران شێوەزاری باجەلانییان وەکو دیالێکتێکی سەربەخۆ لەثاڵ دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی خستۆتەروو .

3- هەندێکی تر لە لێکۆلەران باجەلانییان وەکو شێوەزارێك لەنێو شێوەزارەکانی دیالێکتی طۆران خستۆتەروو .

2-1: نەخشەی جوطرافیای دیالێکتی طۆران و شێوەزاری باجەلانی

ئەم دیالێکتە طەلە باشوورییەوە وەرطرین، ئەوە لە باکووری رێطەی نێوان قەسری شیرین ـ کرمانشاوە دەست ثێدەکات، بەرەو شاخەکانی هەورامان، لە رۆذئاواشەوە هەر لە سەرضاوەکانی سیراوەنەوە بەرەو خۆرهەلاَت دایثۆشیوە تا کرماشان. ئەم دیالێکتە ثێکدێت لە:[xvi]

1- طۆرانی رەسەن: کە دانیشتوانی ناوضەکانی (کرند، زەهاو، جوانرۆ) لە کوردستانی ئێران قسەی ثآ دەکەن، هەروەها لە کوردستانی عێراق، هەندآ کاکەیی داقوق و تیرەی زەنطەنەی نزیك کفری و قادرکەرەم و سیامەنسوری سەر بە ناوضەی لەیلان قسەی ثآ دەکەن.

2- هەورامانی: دانیشتوانەکانی شاخەکانی هەورامان و ثاوە و ثلنطان دەطرێتەوە، هەورامیش دوو بەشن، بەشی لهۆنیان لە خۆرئاوای ریزە شاخەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە کوردستانی عێراق، بەشی دووەمیان، هەورامانی (تەخت) کە دەکەوێتە خۆرهەلاَتی شاخەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە کوردستانی ئێران.

3- باجەلانی: ئەم شێوەزارە ثەرش و بلاَون، هەندێکیان لە باکووری خۆرهەلاَتی شاری مووسلاَ نیشتەجێن، کە ناوضە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ەدەطرێتەوە، کە ثێیان دەوترآ (شەبەك)، بەشێکیشیان لە زەهاو و لە باکووری لورستان و نزیك خانەقین و قۆرەتوو و هۆرین و مەیدان .

4- زازا: ئەم لقە دیالێکتە ناوضەکەی دەکەوێتە کوردستانی باکوور، کە کەوتۆتە ناوضەی نێوان ئەرزەرۆم ـ موش ـ خەرثووت و ئەرزنجان دەطرێتەوە .

## بةشى دووةم : شةبةك

1-2 : زاراوةى شةبةك

دةربارةى ناوى (شةبةك)، ضةند بؤضوونيَكى جياواز هةية، لةوانة:

1- طريمانةى يةكةم، ناوى شةبةك لة ناويَكي ليَكدراوة (شا ) (بةط)ةوة هاتووة، بة ثيَي ئةو بؤضوونة، طواية لة سةردةمى عوسمانييةكاندا، ئةو شةبةكانة لةطةلأ نادر شادا لة رؤذهةلأتي كوردستانةوة بةرةو باشوور كؤضيانكردووة . لةو طوندانةدا نيشتةجآ بوون، دواتر دوو كةس دةكةن بة رديَنسثى خؤيان، يةكيَكيان نازناوى (شا)، ئةوى تريشيان نازناوى(بةط) دةدةنيَ، ئينجا بةرة بةرة زاراوةى شةبةك بةهؤى طؤراني زمان لة شابةطةوة بؤتة شةبةك.

2- طريماني دووةم، جةخت لة سةر ئةوة دةكات، كة ناوى شةبةك لة ناو و نازناوى يةك كةسةوة سةرضاوةى طرتووة، ئةو كةسة (شاويَردى بةط)بووة، كة ميريَكى لووري بووة. كاكةيي و شةبةك هاوتخووب بوون، بةو واتايةى ئاقاريان لة سةر يةك بووة. ئةو شةبةك و سارلييانة، لة دةورى ئةو ميرة كوردة كؤبوونةتةوة، ئةمةش لة دةوروبةرى سالى ( 1600 ز )دا بووة . لةو شةرةدا لةطةلأ سةفةوييةكاندا رووبةرووى دةبنةوة و لة ئةنجامدا سةفةوييةكان شارى هةمةدان داطير دةكةن، لةوانةية ئةو هةلَمةت و ستةمةى سةفةوييةكان، شةبةكةكانيان ناضار كردبيَ بةرةو باشووري كوردستان رةو بكةن ! لة لايةكي دي، هةردةويَل كاكةيي باوةري واية، كة ناوى شةبةك طواية لةدواى ئةو رووداوة، سةريهةلَداوة و ناويان نراوة شةبةك.[xvii]

2-2: زيَدي شةبةك

شةبةكييةكان لة هةندىَ ئاوايى بة تةنيا و لة هةنديَكى تر لةطةلَ نةتةوةى دي وةك عةرةب و توركمان دةذين و نيشتةجيَن، لةوانة:[xviii]

1- ئةوانةى سةر بة شارؤضكةى بةعشيقةن: تلارة (تليارة - دليارة) دراوشك، باذيَربووك، ئؤرتة خراث، بازيوة، كانيكةروان، كؤكجةليل، طؤرةغةريبان، قولانتةثة، ئؤمةر قائيضى (ئؤمةر دةرطةوان)، وةرسيماقى سةروو، وةرسيماقى خواروو، خؤرسابات، سيَكةند، كانينؤ، تيَز خةراثى بضووك، تيَز خةراثى طةورة، شيَخ شةيلة، بايبوخ، تؤثزاوة، قةرةتةثة، يةنطيجا، فةديلة، ضةنضى (ديَركة)، عةباسى، نةوران، خةراب دةليل.

2- ئةوانةى سةر بة شارؤضكةى تلكيَفن: سةييدطةل، بةعويَزة.

3- ئةوانةى سةر بة شارؤضكةى بةرتلَةن: باسخرة، بازطرتان، يارمجة، باشبيتة، جليوخان، خةزنةتةثة، ئالى رةش، ئوض قةلآ طةورة، ئوض قةلآ بضووك، موةفةقيية، شيَخ ئةمير، شاقولى، تةرجلة، نازمية، شةهرةزاد، شةمسيات، تؤبرق زيارةتوو، تؤبرق زيارة كؤن، قةرةقةخرة، لةكى طةورة، لةكى بضووك، تةيراوة، منارة شةبةك، خويَتلة، هةروةها دانيشتوانى طةرةكى سةربازانى بةرتةلَةيش شةبةكن .

3- ئةو طوندانةى سةر بة شارؤضكةى نةمروودن: ئومةرةكان، قةرةشؤر، قةرقةشة، جودةيدة حةلا، خراثة سولَتان، شةنةف، سةلامية، حاوى ئةرسةلان، قةرة يةتاغ، تةليةعقوب، هةروةها دانيشتوانى هةردوو طةرةكى خدر و بساتلى لة نةمروود شةبةكن .

ـ ئەو طوندانەی سەر بە شارۆضكەی قەرەقۆشن: (مفتیة، بەدەنەی طەورە، بەدەنەی هوردی، زەهرة خاتوونی طەورة، زەهرة خاتوونی بضووك، ضەمە كۆر، كاریَز، بلاوات، تواجنة، یەرغەنتی، قەرەتەثەی عەرەب، شیَركان، كەبەرلووی)، هەروەها زۆربەی دانیشتووانی طەرەكی سەربازانی قەرەقۆش شەبەكن.

3-2: طومەز و ئارامطا ثیرۆزەكانیان

شەبەكەكان ئەوانەی لەسەر مەزهەبی شیعەن، رۆذانی جەذنی رەمەزان و قوربان و مانطی موحەررەم بە هەزاران لە ذن و ثیاو و كور و كض، دەضنة زیارەتی مەقامی ئەو ثیاوضاكانة.[xix]

1- مەقامی ئیمام زەینەلعابەدین: ئەم ثیاوضاكة  نازناوی عەلی كوری حوسیَنی كوری حەزرەتی عەلیية ( 38 - 25)ی موحەررەم (95)ی كۆضی، لە مەدینة سثاردەی خاك كراوة، لە ئاوایی (عەلی رەش)، كە سەر بە شارۆضكەی (بەرتەلَة) طومەزیَكی جوانیان بۆ دروستكرووە، ئەوەشمان لەبیر نەضآ لە قەزای (داقوق)ی سەر بە كەركووكیش طومەزیَكی لەو جۆرة هەر لەدیَر زەمانەوة بەناوی ئەم زاتەوة دروستكراوة و سالآنة بە هەزاران كەس لەهەموو شارەكانی ئیَراقەوة دیَنة زیارەتی.

2- مەقامی ئیمام عەلی رەزای كوری ئیمام مووسای كازم ( 148 - 203 ك): لە خۆراسانی ئیَران بەخاك سثیَردراوة، بە ئیمام رەزای خۆراسانی ناسراوة، لە ئاوایی (تیَز خەراثی طەورة) كە سەر بە شارۆضكەی (باشیك)ة، طومەزیَكی ریَكوثیَكیان بۆ ئامادەكردووة.

3- مەقامی ئیمام عەباس كوری ئیمامی عەلی: لە سالَی (61)ی كۆضی شەهید كراوة و لە شاری كەربەلا لە خوارووی ئیَراق بەخاكیان سثاردووة، لە ئاوایی (عەباسیية)ی سەر بە شارۆضكەی باشیك طومەزیَكیان بۆ دروستكردووة و ثیَی دەلَیَن مەقامی ئیمام عەباس.

4- مەقامی ئیمام حوسیَن كوری ئیمام عەلی: ( 625 - 680)ی زایینی لەسەر خیلافەت لەطەلأ یەزیدی كوری معاوية تیَكضوون، لە ئەنجامی جەنطیَكی ثر لە خویَناوی كە لە كەربەلا روویدا حوسیَن بە دەستی (شمر) كوذرا و (یەزید) بە خەلیفة مایەوة، ئارامطاكەی لە كەربەلایة، لە ئاوایی (خەزنة تەثة)ی سەر بە شارۆضكەی بەرتەلَیة، طومەزیَكی بضكۆلانەی بۆ كراوة .

5- مەقامی وەلی بەكتاش: طومەزەكەی بەسەر طردیَكەوەیة لە نزیك طوندی (تیَز خەراثی طەورة)، سەر بە شارۆضكەی باشیكەیة، ئەمیان لەبەر ئەوەی موریدیان بە دەطمەن ماوەتەوة، بۆیة لەم رۆذطارەدا كەمتر بایەخی ثآ دەدەن و دەضنة زیارەتی.

6- طومەز و مەقامی خدری ئەلیاس: ناوی یەكیَكة لە ثیَغەمبەران، بە خدری زیندة بەناوبانطة، لەسەردەمی مووسا ثیَغەمبەر (د. خ) ذیاوة، طومەزەكەی لە ناوەراستی طوندی (كەبەرلووی)دایة، بە زۆری دیدة سالَەكانی طوندەكة دەضنة زیارەتی لە بەغدایش لەسەر رۆخی دیجلة لە تەنیشت ثردی (شوهەدا) لە طەرەكی كەرخ طومەزیَك بە ناوی ئەم زاتەوة هەیة.

7- ئیمام فازل: طومەزەكەی لەنیَو طوندی (فەدیلة)یة، ئەمیان بەزۆری سوننة مەزهەبەكان دەضنة زیارەتی، طومەزەكەی زۆر كۆنة، وا دەردەكەویَت لەلایەن شەبەكییەكانەوة هیَندة بایەخی ثیَنەدرآ.

8- مەقام و طومەزی قەمبەر عەلی: طومەزەكەی لە طۆرستانی ئاوایی (تەیراوة)ی سەر بە شارۆضكەی بەرتەلَیة، بە زۆری شیعة مەزهەبەكان سەردانی دەكەن.

9- مەقامی سولتان ساقی: طومەزەكەی لەنێو طوندی (بازطرتان) داية، بە ضەند كيلۆمەتريَك دەكەويَتە رۆذهەلآتی (بەرتەلَة)وە.

ئەم طومەزەی سولتان ساقيية بە زۆری خەلَكی طوند و تيَكرِای شەبەكييەكانی دەوروبەر زيارەتی دەكەن و وەكو باوەريَك (عقيدة) بە ئيمامی (عةلی)شی دەزانن. هەروەها زۆربەی هەرە زۆری مەقام و طومەزەكانی تری شەبەكييەكان هەر بەم جۆرە ئەفسانە ئاييِنيانە هاتوونەتە طۆرآ، ضونكە تەرم يا طۆريان تيَدا نيية، بۆية بە مەقاميان ناوزەد دەكەن.

10- طەلييەك هەية بە ناوی (طەلی مامەجان) لە نزيك طوندی (كانينۆی)ی سەر بە شارۆضكەی (باشيك)ة، شويَنەواريَكی ديَرزەمانی تيَداية بەناوی (سيَدوكانة)، بەقەد تاشة بەرديَكی زلەوةية بە بەرزی بالآی زەلاميَك، بريتيية لە ذووريَكی زۆر جوان و ريَكوثيَك.

11- طەراو: كانييەكة لەنيَو طوندی (تەرجلة) داية و سەر بە شارۆضكەی بەرتلەية، ئاوەكەی بۆنيَكی ناخۆشی هەية، خەلَكی ئەو دەظەرة بۆ ضارەسەركردنی نەخۆشييەكانی ثيَست كەلَكی ليَ وەردەطرن بەتايبەتی بۆ (طەری) تووشبووەكة ئاوی ليَ دەبا و لە مالَەوة خۆی ثيَدەشوات.

12- كانی زەرك (كانی زەردك): ئەم كانيية لە (ضيای زەردك) داية، بە دووری ضارەكة ريَيەك دەكەويَتە رۆذئاوای (باسخرة)وە، سەر بە شارۆضكەی (بەرتەلَة)ية، رەنطی ئاوەكة زەردة، بۆية ئەم ناوەيان ليَناوة، بۆ نەخۆشی زەردوويی سووديان ليَوەرطرتووة، تووشبووەكة لەوآ بەو ئاوة خۆی دەشوا، بروايان واية بەمة ضاك دەبنەوة، جا نەك تەنيا شەبەكييەكان بەلَكو هەموو خەلَكی دەظەرەكة بۆ هەمان مەبەست بەكاری دەهيَنن، هەروەها لە مووسلأ و دهۆك و هەوليَر و سليَمانی و بەغداد و شارەكانی تری عيَراقيشەوة، بۆی ديَن.

### ثيَشنياز

1- هەولَبدريَت لە بەشە كورديیەكانی زانكۆكانی كوردستان و بەغدا لە بابەتی زارناسی باسی شيَوەزاری باجەلآنی بكريَت و نموونە لە بارەی شيَوەزارەكەوە بهيَندريَتەوە .

2- نووسينی نامەی دكتۆرا و ماستەر لەسەر ئەو شيَوەزارانەی كە كەمتر ئاوەريان ليَدراوەتەوە، بەتايبەتی شيَوەزاری باجەلآنی .

3- حكوومەتی هەريَم بە بيَ طويَدان و طەرانەوە بۆ حكوومەتی ناوەند، طرنطی بە شويَن و زيَدی كورد شەبەكەكان بدات، بەتايبەتی بە كردنەوەی قوتابخانەی كوردی لە شويَنی شەبەك نشينەكان.

4- حكوومەتی هەريَم هەولَبدات لە بەشە بودجەی هەريَم سالآنة بريَك ثارة بۆ ئاوەدانكردنەوەی شويَنی شەبەكنشينەكان تەرخانبكات .

5- هەولَبدريَت بابەتيَك وەك ناساندنی شيَوەزاری باجەلآنی و كوردی شەبەك لەنيَو ثەرتووكی زمان و ئەدەبی كوردی قۆناغەكانی خويَندنی سەر بە وەزار ەتی ثەروەردة تەرخانبكريَت .

### ئەنجام

لەم كورتة تويَذينەوەدا بە ضەند ئەنجاميَك طەيشتووين، كە بريتيين لە:

1- هەنديَ لە ليَكۆلَەران بە هيض جۆريَك ئاماذەيان بە شيَوەزاری باجەلآنی نەكردووة .

2- هةندىَ لة ليَكؤلَةران شيَوةزارى باجةلآنييان وةكو دياليَكتيَكى سةربةخؤ لةثالَ دياليَكتةكانى ترى زمانى كوردى خستؤتةرِوو .

3- هةنديَكى تر لة ليَكؤلَةران باجةلآنييان وةكو شيَوةزاريَك لةنيَو شيَوةزارةكانى دياليَكتى طؤران خستؤتةرِوو .

4- شةبةك لة رِووى نةتةوةوة كوردن، لة رِووى ئايينةوة ئيسلامن، لة رِووى مةزهةبةوة زؤرينةى شيعةن .

5- زيَدى شةبةك ناوضةى كوردستانين، واتة ئاواييةكانى شةبةك دةكةونة ناو جوطرافياى كوردستانةوة .

6- حكوومةتى عيَراقى بة ثلةى يةكةم و حكوومةتى هةريَمى كوردستان بة ثلةى دووةم ناوضةكانى جوطرافياى شةبةكيان فةراموشكردووة، ديارة ئةمةش لةوانةية بة هؤي ئةوةوة بيَ، كة ئةوان لة دةرةوةى ئيدارةى حكومةتي كوردين.


**Abstract**

**Geography of Bajalan Variety known as Shabak variety**

Shabak is one of minority related to Kurdish nation , speaking Bajalan variety especially Goran Dialect.

This study is a historic and diactological study about Kurdish Bajalan variety.The study is composed an introduction and tw0 chapters. The first chapter talks about Bajalan variety , and it has two axes . In the first axe , I talk about the geography of Bajalan variety and in the second axes the map of goran dialect . The second chapter is about Shabak variety and it is constituted of three axes : The first section is about Shabak variety , in the second section is allocated to the domicile of Shabak variety and in the third section , talks about the saint of shabak and in the end the conclusion and bibliography are located.

[i]- مير شةرةفخانى بدليسى(2006)، شةرةفنامة - ميَذووى مالَة ميرانى كوردستان، و: مامؤستا هةذار، ضاثى سيَيةم، دةزطاى ضاث و بلاَوكردنةوةى ئاراس، هةوليَر، ل 21.

[ii]- محةمةد مةردؤخى(1991)، ميَذووى كورد و كوردستان، عةبدولكةريم محةمةد سةعيد، ضاثى يةكةم، ضاثخانةى (اسعد)، بةغدا، ل 84.

[iii]- محمد امين زكى (1961)، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان، محمد على عونى، الجزء الاول الطبعة الثانية، بغداد، ص 316.

[iv]- محمدى خالأ(1367)(1988)، فةرهةنطى خالأ، جزمى يةكةم، كتابفرؤشى محمدى سةقزى، ضاث اول، ل 26.

[v]- زبير بلال اسماعيل(1984)، ميَذووى زمانى كوردى، و: يوسف رةئوف عةلى، ضاثخانةى (دار الحرية للطباعة)، بةغدا، ل 115 - 116.

[vi]- فوئاد حةمة خورشيد(1985)، زمانى كوردى - دابةشبوونى جوطرافيايى دياليَكتةكانى، و: حةمة كةريم هةورامى، ضاثخانةى (افاق العربية)، بةغدا، ل 40.

[vii]- زبير بيلال اسماعيل (1984)، ميَذووى زمانى كوردى، ل 116 - 117.

[viii]- جةمال نةبةز (1976)، زمانى يةكطرتووى كوردى، يةكيَتى نةتةوةيى خويَندكارانى كورد لة ئةوروثا بلاَوى كردؤتةوة، بامبيَرط - ئةلمانياى رؤذئاوا، ل 22 – 23.

[ix]- عيزةدين مستةفا رةسوولأ(د)(1971)، سةرنجآ لة زمانى ئةدةبيى يةكطرتووى كوردى، ضاثى يةكةم، ضاثخانةى (سلمان الاعظمي)، بةغدا، ل 14 - 19.

[x]- عيزةدين مستةفا رةسوولأ(د)(2005)، بؤ زمان، بةريَوةبةريَتى طشتى ضاث و بلاَوكردنةوة، ضاثخانةى شظان، سليَمانى، ل 96 – 101.

[xi]- طاهر صادق (1969)، ريَنووس - ضؤنيةتى نووسينى كوردى، ضاثى يةكةم، ضاثخانةى شيمال، كةركوك، ل 92.

[xii]- كةمال فوئاد(د)(1971)، زاراوةكانى زمانى كوردى و زمانى ئةدةبى و نووسينيان، ط. زانيارى، ذ (4)، بةغدا، ل 22 – 24.

[xiii]- محةمةد ئةمين هةورامانى (1981)، زارى زمانى كوردى لة ترازووى بةراوردا، ضاثى يةكةم، بةغدا، ل 68 - 70.

[xiv]— صادق بهاء الدين ئاميَدى، ريزمانا كوردى كرمانجيا ذؤرى و ذيَرى يا هةظبةركرى، ضاثا يةكىَ، ضاثخانةى (دار الشؤن الثقافية)، بةغدا، 1990، ل 25 .

[xv]- كامل حسن بصير(د)، زمانى نةتةوايةتى ى كوردى، ضاثخانةى كؤرى زانيارى عيَراق، بةغدا، 1984، ل 18.

[xvi]- بروانة : 1- فوئاد حةمة خورشيد( 1985)، زمانى كوردى - دابةشبوونى جوطرافيايى دياليَكتةكانى، و: حةمة كةريم هةورامى، ضاثخانةى (افاق العربية)، بةغدا، ل 70 - 74. 2- فوئاد حةمة خورشيد (د)( 2008)، زمانى كوردى و دياليَكتةكانى - شيكردنةوةيةكى جوطرافيايى، دةزطاى ضاث و ثةخشى سةردةم، سليَمانى، ل 65 - 70.

[xvii]- هةردةويَل كاكةيى( 2008)، ثةندى ثيَشينان و قسةى نةستةقى شةبةك، ئينستيتؤتى كةلةثوورى كورد، ضاثخانةى ئاراس، هةوليَر، ل10- 11.

[xviii]- بروانة : أ - هةردةويَل كاكةيى( 2008)، ثةندى ثيَشينان و قسةى نةستةقى شةبةك، ئينستيتؤتى كةلةثوورى كورد، ضاثخانةى ئاراس، هةوليَر، ل11- 13. ب - احمد شوكت(2005)، الشبك الكورد المنسيون، وزارة الثقافة، السليمانية، ص 90 - 122 .

[xix]- هةردةويَل كاكةيى( 2008)، ثةندى ثيَشينان و قسةى نةستةقى شةبةك، ئينستيتؤتى كةلةثوورى كورد، ضاثخانةى ئاراس، هةوليَر، ل13- 17.

## سةرضاوةكان

يةكةم : سةرضاوة كورديةكان

1- جةمال نةبةز (1976)، زمانى يةكطرتووى كوردى، يةكيَتى نةتةوةيى خويَندكارانى كورد لة ئةوروثا بلاَوى كردؤتةوة، بامبيَرط - ئةلمانياى رؤذئاوا .

2- زبير بلال اسماعيل(1984)، ميَذووى زمانى كوردى، و: يوسف رةئوف عةلى، ضاثخانةى (دار الحرية للطباعة)، بةغدا .

3- صادق بهاء الدين ئاميَدى، ريزمانا كوردى كرمانجيا ذؤرى و ذيَرى يا هةظبةركرى، ضاثا يةكىَ، ضاثخانةى ( دار الشؤن الثقافية) ، بةغدا، 1990 .

4- طاهر صادق (1969)، ريَنووس - ضؤنيةتى نووسينى كوردى، ضاثى يةكةم، ضاثخانةى شيمال، كةركووك .

5- عيزةدين مستةفا رةسوولأ(د)(1971)، سةرنجآ لة زمانى ئةدةبيى يةكطرتووى كوردى، ضاثى يةكةم، ضاثخانةى (سلمان الاعظمي)، بةغدا .

6- عيزةدين مستةفا رةسوولأ(د)(2005)، بؤ زمان، بةريَوةبةريَتى طشتى ضاث و بلاَوكردنةوة، ضاثخانةى شظان، سليَمانى .

7- فوئاد حةمة خورشيد(1985)، زمانى كوردى - دابةشبوونى جوطرافيايى دياليَكتةكانى، و: حةمة كةريم هةورامى، ضاثخانةى (افاق العربية)، بةغدا.

8 - فوئاد حةمة خورشيد (د)( 2008)، زمانى كوردى و دياليَكتةكانى - شيكردنةوةيةكى جوطرافيايى، دةزطاى ضاث و ثةخشى سةردةم، سليَمانى .
9- كامل حسن بصير(د)، زمانى نةتةوايةتى ى كوردى، ضاثخانةى كؤرى زانيارى عيَراق، بةغدا، 1984 .
10- كةمال فوئاد(د)(1971)، زاراوةكانى زمانى كوردى و زمانى ئةدةبى و نووسينيان، ط. زانيارى، ذ (4)، بةغدا .
11- محةمةد مةردؤخى(1991)، ميَذووى كورد و كوردستان، عةبدولكةريم محةمةد سةعيد، ضاثى يةكةم، ضاثخانةى (اسعد)، بةغدا .
12- محمدى خالأ(1367)(1988)، فةرهةنطى خالأ، جزمى يةكةم، كتابفرؤشى محمدى سةقزى، ضاث اول .
13- محةمةد ئةمين هةورامانى (1981)، زارى زمانى كوردى لة ترازووى بةراوردا، ضاثى يةكةم، بةغدا.
14- مير شةرةفخانى بدليسى(2006)، شةرةفنامة - ميَذووى مالَة ميرانى كوردستان، و: مامؤستا هةذار، ضاثى سيَيةم، دةزطاى ضاث و بلاَوكردنةوةى ئاراس، هةوليَر .
15- هةردةويَل كاكةيى( 2008)، ثةندى ثيَشينان و قسةى نةستةقى شةبةك، ئينستيتؤتى كةلةثوورى كورد، ضاثخانةى ئاراس، هةوليَر .

دووةم : سةرضاوة عةرةبييةكان

16- احمد شوكت(2005)، الشبك الكورد المنسيون، وزارة الثقافة، السليمانية .
17- محمد امين زكى (1961)، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان، محمد على عونى، الجزء الاول الطبعة الثانية، بغداد .